روزنامه کلمه ، ویژه نامه مناطق کردنشین
جنبش سبز ، مطالبات قومی و قانون اساسی
چهارشنبه ، ۱۵ دی ۱۳۸۹، شمارگان : ما بیشماریم

WWW.KALEME.COM

زمان و خەتی ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران، فارسیە. بەڵگە و نامەکان وەدەقە ڕەسمیەکان و کتێبە دەرسیەکان ئەبێ بەم زمان و خەتە بێت بەڵام بە کار هێنانی زمانە ناوچەیی و قەومیە کان لە ڕۆژنامە و ڕسانەکان و دەرەس وتنەوە بە م زمانانە لە فیرگە کان و لە تەنیشتی زمانی فارسی دا نازادە. (یاسای بنەرتی ، بڕگەی ۱۵)

بزاڤی سەوز و کوردەکان ، ئەزموونێکی‌تر

تووندوتیژی جیا لە ڕق و کینە و شەڕ، ناتوانی دەسکەوتێکی‌تر بەدوای خۆیدا بێنی. لە ڕاستیدا زۆر سەیرە کە زۆرجار لە میژووی وڵاتان و دەوڵەتان‌دا هەوڵ ئەدرێت بە کاڵکەوەرگرتنلە ئامرازی سەڕ و چەک و تووندوتیژی دیاردەیەک بە ناوی ئاسایش و ئارامش و ئازادی بهێنرێتە ئاراوە. تووندوتیژی تەنیا یەک زمانی هەیە، زمانێک کە بۆ چارەسەری کێشەکان هیچ پەیڤ و وشەیەکی تێدا نییە بەڵام بۆ سڕینەوەو هەوڵدان بۆ خۆخافڵاندن لە کێشەکان هەزاران مەکر و واتا و ڕێگای هەیە.لە میکانیزمی مەنتیق و لۆژیکی شەڕ و تووندوتیژی‌دا لایەنێک پێی وایە حەق و حەقیقەت بە تەواوەتی لە لای ئەوە. هەر بۆیە بە تەواوی هیچ هیزش دەباتە سەر لایەنی بەرامبەر. لایەنی دووهەمیش لە بەرامبەری ئەم هیزشەدا مفی خۆی دەزانی کە لەوپەڕی توند و تیژی‌دا بوونی خۆی بپارێزێ، هەر بۆیە ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێت و جیا لە کوشتار و مالوێرانی و ڕق، شتێکی‌تر بە دی نایەت.لە ڕاستی‌دا بۆ ئەوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری لۆژیڕێ لە تووندوتیژی بە باشی تی بگەین لە جیاتی داوەری و گەڕان بە دوای حەق و ناحەق‌دا تەنیا و تەنیا دەبێ هەنگاو بۆ خەسارناسی هەڵبگرین و ڕەگ و کۆکەکانی ڕووداوەکە شی بکەینەوە بۆ ئەوەی ژیرانەترین ڕێگاکانی ڕاوەستاندنی تووندوتیژی پەیدا بکەین.دیارە لە نێوان دوو ڕەفتار و ڕوانگەی داوەری و خەسارناسی‌دا فەرق و جیاوازی زۆرە.لە ڕوانگەی خەسارناسی‌دا هەبوونی دوو لایەنی خەسارەکە زۆر گرنگ‌ترە لە بابەتی حەق و ناحەق. قازی و داوەر بە پێوەرەکانی خۆیەوە بە دوای دیتنەوەو ناسینەوەی زاڵم و مەزلوومدا دەڕوات بۆ ئەوەی زاڵم پەیدا بکات و سزای بدات، بەڵام خەسارناس بیر لە ئایندە و داهاتووی لایەنە خەسارئافرێنەر و خەساردێتووەکان دەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕووداوە دڵتەزێنەکە دووپات نەبێتەوە. جیا لەمەش هیچ کام لە دووڵایەنی گرفتەکە حازر نین ئەنجامێک لە داوەر و قازی قبوول بکەن کە قازانج و بەرژەوەندی ئەوانی تێدا نەبێت. هەر بۆیە لە پرۆسە و ڕەوتی داوەری‌زدا بەردەوام تووشی وەبیرهێنانەوەی ڕابردوو دەبن و دەیان و بگرە سەدان جاری‌تر ڕق و کینە و نەفرەت زیندوو دەکەنەوە و لە سێبەری بێمتمانەیی‌دا مەجال و دەفەتی گفتگو یان دیالۆگ لەناو دەچێت و دەمرێت

.بە پێی ئەم پێشەکی‌یە دەتوانین بڵێین تەواوی ئەو شتانە وا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران‌دا ڕووی دا، پێویستی بە خەسارناسی هەیە نەک داوەری و خۆ بەقازی زانین.چەندووجۆنی

یەکەم مانگەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش هەتاوەکوو سااڵنی شەڕی چەکداری و سەرهەڵدانی حیزب و لایەنە کوردی‌یەکان و زۆر ڕووداوی‌تر، کۆمەڵێک کێشە و گرفتی تایبەتی هێنایە ئاراوە کە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ کاریگەری خۆی لە سەر هەڵومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران پاراستووە. دیارە خۆخافڵاندن لە بوونی کێشە لام ناوچە بەربڵاوەی ئێران‌دا ڕێگای چارەسەری نییە و ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە گرفتەکان قوواڵترەوە ببن و هەر بەو ئەندازەیەش چارەسەرکردنیان کات و هێز و خەرجی زیاتر لە ئێستا داوا بکات. هەر بۆیە ئەگەر لە ئێستادا و بە پێی بەرنامە و ئیستراتژی‌یەکی ژیرانە و زانستی و ڕاست‌بینانە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردەکانی ئێران هەڵ بگیردرێت، ئەوا گەیشتنی وڵات بە دیموکراسی و گەشە و هەڵدان ئاسان‌تر دەبێت.

میرحسەین موسەوی لە چەند بڤەیان و لێدوانی ژیرانەدا ئەو ڕاستی‌یەی سەلماند کە کێشەو گرفتەکانی کورد و کوردستان بە وردی دەبینی و جوان دەزانی کە لەم بەشەی ئێران‌دا نابەرامبەری و بێبادی زیاتر لە شوینەکانی‌تر ڕەگی داکوتاوەو بۆ کردنەوەی گرێی کورد وکوردستان، بەرنامە و ڕێگا و ئیستراتژی‌یەک پێویستە کە ئاستەنگ و لەمپەرەکان بە جوانی ببینێت. بێ گومان بزاڤی سەوز بە ڕێبەرایەتی پ مووسەوی هەڵ و ئیمکانی ئەوەی هەیە کە کورد و قەومەکانی‌تری ئێران لە ئەزموونی گەیشتن بە دیموکراسی‌دا پاڵ بە بزاڤی گشتی و نەتەوەیی وڵاتەوە بنن و جارێکی‌تر ئەو ڕاستی‌یە بسەلمێنن کە جیاوازبوونی قەوم و گەلەکانی ئێران نەک هەرەشە بەلکوو سامان و دەوڵەمەندی چاندی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتەیە.

موسەوی باش دەزانێت کە داییمی مافی ڕەوای کەردەکان وەکوو مافی خوێندن بە زمانی زگماکی، مافی بەشداربوون لە بەڕێوەبردنی وڵات و بەدەستەوەگرتنی پۆستی هێمنایەتی و هەستیار بە بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی قەومی و مەزهەبی، نەک تەنیا مانا و واتای جیاخوازی و پارچەکردنی وڵاتی تێدا نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی هیز و وڵاتە بیانی‌یەکانی جیهان ئیزنی ئەوە بە خۆیان نەدەن بە دامەزراندنی تاق و دەستە و پەڕەپێدان بە تووندوتیژی، کوردئی ئێران لە وڵاتە جوانەکەی خۆی ئێران دابڕبرن.

سێ خەسار

جوغرافیای سروشتی، جوغرافیای سیاسی و بابەتێک بە ناوی **دوژمن!**

لە جوغرافیای سروشتی، جوغرافیای سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئێران‌دا، قەومی فارس، بوونێکی ناوەندی و سانترالی هەیە. فارسەکان هەم بۆ خۆیان لە شوێنەوارەکانی ناوەندی ئێران‌دا دەژین وهەم ساڵەهایە دەسەڵاتی سیاسی ئێرانیان بەدەستەوەیە هەر بۆیە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی خاوەن شێوازێک هێژمۆنی و سەردەستی‌یە و بە بۆنەی گەورەپیاوانی ئەدەبی و عیرفانی ، ئەم سەردەستی‌یەی بەهێزتر بووە و بە شێوەیەکی سروشتی فەرهەنگی قەومی فارس سەردەست و زاڵە.ئەم ناوەندی‌بوونە جوغرافیایی و سیاسی‌یە، کاتێک کە بابەت و بۆجوونێک بە ناوی دوژمن‌سازی و دوژمن پەروەری دێتێتە ئاراوە دەسکەوتی زۆر مەترسی‌داری لی دەکەوێتەوە.لە ڕوالەت‌دا بۆ پتەوکردنی شوناسی نەتەوەیی بەاڵم لە ڕاستی‌دا بۆ پاراستنی بوونی خۆی،کەمایەتی‌یەکان بە دوژمن ناو دەبات.ئەم ڕوانینە جیاوازی نێوان قەوم و کەمایەتی‌یەکان ئەکاتە بیانووی مەوداگرتنی زۆرتر و ئەیانکاتە یار و یاوەری دوژمنی بیانی و دەرەوەی وڵات. سواربوون بە سەر ئەسپەشێتی پڕۆژەی بەدوژمن‌زانین و دوژمن‌سازی، هاوڕێ لەگەڵ بۆچوونی هەڵە و چەواشەدا وەهم دەکاتە جێنشینی ڕاستی و حەقیقەت و **بەشێک لە نەتەوە لە بەرامبەر بەشیکی‌تردا دەکاتە دژبەر و دوژمن و بە پارچەپارچەکردن و دابڕاندنیان،** ئەم وەهمە بەدی دێتی کە بەڕژەوەندی ئێوە لە ناکۆکبوون و ڕقەبەرایەتی‌دایە.لە ئەنجامی ئەم پڕۆژەیەدا دوژمنی ناوەخۆ لە وەهمەوە دەبێتە ڕاستی و ڕۆڵەکانی میللەت دەکاتە دوژمن و ناوی دابەشکەر و پارچەکەر بە سەریان‌دا داسەپێنی. لیستەی دڕێژی حیزب و تاقمە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران سەلمێنەری ئەم ڕاستی‌یەیە کە ئاماژەمان پێ کرد. ئەوەشمان لە بیر بێت کە بەشێکی زۆر لەو حیزب و تاقمە دژبەرانە، سەردەمێک ڕەگ و دەماریان لەم ئاو و خاکەدا بووە. ئەم کارانە لە ئەنجامی خۆی‌دا بواری ئامادەبوونی دوژمنی ڕاستەقینەی بیانی خۆش دەکات و ئاوا دەبێت کە داکۆکی کردن لە سەر مافی ڕاستەقینەی قەومی ئەبێتە داردەست و دوژمنانی میژوویی وڵات.

ڕەوانینی سیاسی بۆ هێما فەرهەنگی‌یەکان

جیاوازی قەومی و ئایینی لە ئێران‌دا دیاردەیەکی کۆمەڵایتی جوغرافیاتی سروشتی‌یە بەاڵم بە داخەوە لە جیاتی ڕوانینی ئاسایی و فەرهەنگی لە لایەن کاربەدەستانەوە ڕوانینی سیاسی لی ئەکرێت. ئەم ڕوانینە سیاسی‌یە بە هەر جۆرێک بێت، چ هۆکاری بەهەڵە تێگەیشتن لە میژوو بێت، چ هۆکاری لاوازی فکری سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران و ناوەندی‌بوونی هاوکاتی جوغرافیای سیاسی و سروشتی بەدی هێنابێت، بوونی خۆی بە سەر بۆچوونەکانی‌تردا سەپاندووە. ئەم ڕوانینە سیاسی‌یە بۆ بابەتی قەومی و کەمایەتی، وای کردووە هێما فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەکانیان وەکوو هێما و ماکی سیاسی چاوی لی بکرێت و داکۆکی کردنیان لە سەر سامانی چاندی و شوناسی فەرهەنگی وەک کردەوەو چالاکی سیاسی بخریتە بەر لێپرسینەوە. لە هەمان کاتدا لەو لاوە چالاکە قەومی و ئەتنیکی‌یەکان لە هەڵەیەکی گەورەدا لە بەرامبەر ڕەقیبێکی ناوەندی‌دا ڕادەوەستن و جل و بەرگی سیاسی بە بەر مافە ڕەواکانیان‌دا دەپۆشن و وای لی دێ کە نیگا و سەرنجی دوژمنانی دەڕەوە ڕاکێش دەکرێت.

بەڕێوەنەچوونی یاسای بنەڕەتی

بایەخ نەدان و خۆگێلکردن لە یاسای بنەڕەتی،لە بواری نەتەوەیی‌دا چەوسێنەری و دیکتاتۆریەت بەدوای خۆی‌دا دێنی و لەو شوێنانەش‌دا کە پێوەندی بە مافی گەلان و تاقم و دەستە و کەمایەتی‌یەکانەوە هەیە، ئەبێتە هۆی پێشێل کردنی بڕیارە بنەڕەتی‌یەکانی کۆمەڵگا. کەمایەتی، بەڵەوەی دیاردەی بێ یاسایی ئاشکرا بێت و کۆمەڵگا تووشی زوڵم بێت، لەبەرخاتری وەلاوەنرانی بڕیاری کۆمەڵایەتی، تووشی ڕەنجی گەورە دەبێت.هەر بۆیە کەمایەتی‌یەکان یەکەم دەستە و تاقمی کۆمەڵگان کە دڕ بە بێیاسایی هەڵدەستن کە چی لە لایەن یاساوە بە یاساشکێن و دژبەر و دوژمن دەناسێندرێن و بۆ جارێکی‌تر لە دەرەنجامی بەڕێوەچوونی بە کەیفی تاکەکەسی دەسەڵاتداران، دوو ئەوندەی تاقمەکانی‌تر زوڵمیان لێ دەچێ و دەچەوسێندرێنەوە. ئەو کاربەدەستانەی دەوڵەت وا بە هەر بیانوویەک لە بەڕێوەبردنی یاسای بنەڕەتی‌دا ڕاوەستان و مەعتەلی دێننە ئاراوە و خۆیان لەو پێویستیە دەدزنەوە، هاوکات لە گەڵ پێشێلکردنی مافی ئەتنیکی و قەومی‌دا و بە لاوەنانی ئەم بڕیارە کۆمەڵایەتی‌یەدا ئەبنە هاوڕێی ئەو دوژمنانە وا خەون بە ڕووخانی بنەڕەتی نیزامەوە دەبینن. خافڵبوون لە مافی ئەتنیکی و قەومی، هێدی هێدی مەودای سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆرترەوە ئەکات و هێماکانی خۆی لە چوارچێوەی هەڵدان و گەشەسەندنی ناهاوسانی وڵات، هەژاری چینایەتی و بێ بەشی کەمایەتی‌یەکان لە دەسەڵات‌دا ئاشکرا دەکات. دیارە ئەم شتەش تەنیا و تەنیا لە بەر خاتری بەڕێوەنەچوونی یاسای بنەڕەتی‌یە. سەیر لەوەدایە بەڕپرس و کاربەدەستی دەوڵەت و حکوومەت لەو شوێنانەدا وا داکۆکی لە سەر پێویستی بەڕێوەچوونی یاسای بنەڕەتی دەکرێت، ئەگەر بابەتەکەی بەدڵ نەبێت، زۆر بە هاسانی و ساکاری ئیمکان و هێزی ئەوەی هەیە ناوی چالاکی سیاسی و دژەهێمنایەتی بخاتە سەر هەوڵدانە ڕەواکان و هێمای چاندی و فەرهەنگی وەکوو جل و بەرگ و مۆسیقا و زمان و ئەدەبیات، بە ئامرازی هەڕەشە و مەترسی ناو ببات. لێرەدایە کە بێ یاسایی سەقامگیر دەبێت و هەر ئەو دەوڵەتە وا بە پێی ئاماژەی ڕوون و ئاشکرای یاسای بنەڕەتی وەزیفە و ئەرکی پەروەردە و پشتیوانی زمانە زگماکی‌یەکان پێی سپێردراوە، خۆی لە ئەرکەکەی دەدزێتەوەو ئەو کەسانەش وا باسی زمانی زگماکی دەکەن بە دوژمنی میللەت ناویان لی دەبات گوشاریان دەخاتە سەر.هەر بۆیەکەمایەتی‌یەکان یەکەم تاقم و دەستەن وا بەردەوام بە بیانووی ئاسایشی نەتەوەیی لە مافەکانیان بێ بەش دەکرێن.